هەرکەسێک کاتێک کە دەردەچێت لەماڵ بڵێت: (بسم الله توكلت على الله، ولا حول ولا قوة إلا بالله)، پێی دەووترێت: هیدایەت درایت بۆ سەر ڕێبازی ڕاست وهەموو پێویستی وهەمێکی دونیایی وقیامەتیت بۆ جێبەجێ بوو وپارێزراویت، وشەیتان لە ڕێگاکەی دوور دەکەوێتەوە

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک کاتێک کە دەردەچێت لە ماڵ بڵێت: (بسم الله توكلت على الله، ولا حول ولا قوة إلا بالله)*، پێی دەووترێت: هیدایەت درایت بۆ سەر ڕێبازی ڕاست وهەموو پێویستی وهەمێکی دونیایی وقیامەتیت بۆ جێبەجێ بوو وپارێزراویت، وشەیتان لە ڕێگاکەی دوور دەکەوێتەوە». لە ڕیوایەتەکەی (ئەبو داود) هاتووە: «شەیتانێک بە شەیتانێکی تر دەڵێت: چۆن کەسێک گومڕا دەکەیت (ئازار دەدەیت)؛ کە هیدایەت درا بێت بۆ سەر ڕێبازی ڕاست وهەموو پێویستی وهەمێکی دونیایی وقیامەتی بۆ جێبەجێ بوو بێت وپارێزراو بێت؟». *(واتە: بەناوی خودا، تەوەکول وپشت بەستنم تەنها بە خودایە، وهیچ هێز وتوانایەکمان نییە جگە لە هێز وتوانایە کە خودا پێمان دەبەخشێت)

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی ئەوەمان پێدەدات کاتێک کەسێک لە ماڵ دەردەچێت بڵێت: (باسم الله، توكلت على الله، لا حول ولا قوة إلا بالله)، ئەوا فریشتەیەک بانگی دەکات: ئەی بەندەی خودا، هیدایەت درایت بۆ ڕێگای هەق، وپێویستیەکانت جێبەجێ بوو، وپارێزراویت لە دوژمنان، وئەو شەیتانەی بۆ ئەم دانراوە لێی دوور دەکەوێتەوە، وشەیتانێکی تر بەم شەیتانە دەڵێت: چۆن دەتوانیت کەسێک گومڕا بکەیت کە هیدایەت دراوە وپێویستیەکانی جێبەجێ بووە، وپارێزراوە لە شەڕی هەموو شەیتانەکان؟ چونکە ئەم وشانەی ووت ئەوا تۆ ناتوانی زاڵ بیت بە سەریدا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3504